www.kurdistannet.org

# مسۆدەی خەونێکی سپی

بە لێواری پەیکەرە مەییوەکانی کپ بوونا..

هەنگاوە گورجەکانت دەخستە بوخچەی یادێکی وورد و،

لە سەرەخۆ،دەهاتیتە بەردەم شەوە تاڵەکانی نەهامەتی!

بە تاڵە دەزووی ئارەزوەکانی هەڵدەزنی و،

بە سەر پشتی تیشکە فرۆشراوەکانی هەرێمە قاچاخەکانی

تاراوگەکان سەر دەکەوی و،

دەوارێك لە هەڵم بنیاد دەنێ ی.

دێیتەوە و..پەیژەی هاوار دەنێ ی بە لاملی زیندە خەونێکی چڕ

چیرۆکە زینهارەکانی ئەو دۆزەخە دەخوێنییەوە

کە ناو نراوە خاڵی بوونەوە لە هزر و مەعەیفەت.

دێیتەوە و...بە بێ دڵ ئێشان ..سوراحی یەك

لە جوانی ئەنۆشیت و،

دونیایەك لە پاشگەز بوونەوە ئاو ئەدەی

کێوێك لە گەران و سۆراخ،

دەریایەك لە مەنفا و فەنا،

ئۆقیانوسێك لە ڕەشبینی،

لە گەشبینی،

لە پێکەنین ووشك ئەکەی و

نیوەت منێك سەر ئەبڕێ

وەك سەربڕینی نیگا لە گلێنەی یاد

وەك سەربڕینی ئەستێرە لە نووتەکا و

جەستەم ئەنێتە سەر شانی پاشماوە قورقۆشمی یەکان

نیوەکەی تر...پۆلە هەورێك

www.kurdistannet.org

له هه‌ڵمه قه‌ترانی یه‌كانی ئه‌به‌دییه‌ت ده‌كوژێت و
ده‌بێته جه‌للادی وجود
به دوو نیوه جه‌سته‌م دێن ،پارچه‌كانی ده‌كه‌ن
به به‌یداخی به‌ژنی هه‌ڵاتنا و
به دوو نیوه خۆڵه‌مێشی هه‌ره‌سه مه‌زنه‌كانی ڕۆح
ده‌بارێننه سه‌ر پۆترێتی خه‌ونێكی كز
به دوو نیوه و
دوو جه‌للاد و
دوو خه‌و كوژی نێو مسۆده‌ی
لاپه‌ڕه بێ باڵه‌كانی پیره پشوویه‌ك
ده‌نگه مه‌زنه‌كانی جه‌سته‌م
سه‌ما مه‌زنه‌كانی كاتی بێ ئاگاییم
خه‌نده مه‌زنه‌كانی شوێنه به‌تاڵه‌كان
له هه‌ڵوه‌دای خاچ نشینێ به شوێن
ڕیتمی سه‌مای مه‌ریه‌م
له هات و چۆی ئێوارانی پێغه‌مبه‌رێكی قاچاخ و
له دۆزه‌خێكی سارد و سڕ،ئه‌سووتێنێ.
دوو نیوه‌یت و هێشتا نایه‌ی
سه‌ری گۆرانی یه‌كانی خه‌م كۆكه‌یه‌وه و
ڕێگا شووشه‌یی یه‌كان به‌ری به‌ره‌و گومان
به دوو نیوه جه‌سته‌یه‌كی ناكامڵ و
مسۆده‌ی خه‌ونێكی كاڵ و
به دوو نیوه نابی به یه‌ك
به دوو نیوه شیعرێكی نیوه ناچڵ و
كه‌لامێكی پیرۆزه‌یی و،

www.kurdistannet.org

بەیازێکی بێ چرچ و لۆچی سادەیت و

لەگەڵ هەر خۆڵ بارینێکا...دوو ڕەهێڵە لە دوو دڵی و

دوو شەستە پرسیاری گومان ئازاد ئەکەی.

نمایشی دووایین پەردەی شانۆی وجود

دەدەیتە سەر شانی سەفەر

نیوەیەکت..بەشی تەنها قەپاڵێکی موعجیزەیە

نیوەکەی تر،وەك ڕمانی دیواری مەرگ، هەرەس دێنێ.

بە دوو نیوەی ڕەش و سپی نابی بە یەك

ئەی خەونی کاڵ.

....................................عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

..................................25-30--09-2000

................................هەولێر/عێراق

تێبینی/ئەم شیعرە هاوینی 2000 لە کوردستان بووم ،نووسیم و جێم هێشت بۆ بڵاو بوونەوە،جا نازانم بڵاو بۆتەوە یان نا؟